# حوكمی عەلەمانیەت لە ئیسلامدا

[ kurdish – كوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم العلمانية في الإسلام

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی عەلەمانیەت لە ئیسلامدا

**پرسیار:** ئایا حوكمی عەلمانیەت چیە لە ئیسلامدا ؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە.

عەلمانیەت ڕێچكەیەكی جاهلی كۆنە، هەندێك لە پێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لێ بێت) ڕووبەڕوی ئەم داواكاریە بونەتەوە لە گەڵ گەلەكانیاندا، بەڵام لەم سەردەمەی خۆماندا ئەم ڕێچكە كۆنەی سەردەمی جاهلی بەدرۆ و دەلەسە جلوبەرگێكی سەردەمیانەیان لەبەر كراوە، وڕازاندویانەتەوە بۆ ئەوەی جێگەی قبوڵ كردن بێت لای خەڵكی، چەمكی عەلمانیەت لەسەر (ئازادی بێ قەید وشەرتی بیروڕا ) بنیات نراوە، شوێنكەوتوانی ئەم ڕێچكەیە لە بەرامبەر هەموو شەریعەت و ئاینەكانی تردا

دەوەستنەوە بەوەی نابێت دین تێکەڵاوی یاسا ورێساکانی دەوڵەت بکرێت، عەلمانیەت وەك ووتمان مەزهەبێکی کۆنە و لەدێر زەمانەوە نەیارانی پێغەمبەران بەهەموو شێوەیەك وویستویانە لەژێر ئازادی بیروباوەڕ و ڕای جیاوازدا بەهای پیرۆزیەکان نەهێڵن لەناو کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەك شەریعەت دوور بخەنەوە لە کایە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی و چەند بوارێکی تریش، تاوای لێ دێت ئاین گۆشەگیر بکەن لە کاریگەریەکانی لەناو خەلك و کۆمەڵگەدا، بۆیە دەبینین هەڵگرانی ئەم بیروبۆچوونە نەفامییە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێن : دەبێت دین و ئاین لە دەوڵەتداری دابماڵرێن، دین بۆ ئەوە هاتووە پەیوەندیەکی تایبەتی نێوان خوا و بەندەکان بێت، ئەوی دیکەیش کە دەمێنێتەوە لە سیاسەت و بەرێوەبەردنی کاروباری دەوڵەت لەهەموو ڕوویەکەوە، مرۆڤەکان خۆیان شارەزای حاڵی

خۆیانن و دەبێت خۆیان یاسا و ڕێساکانی ژیان دابڕێژن ودین و پیرۆزیەکانی بەهیچ شێوەیەك دەست وەرنەدەنە ئەو بوارانە، ئەمەش بێ هیچ گومانێك خۆی لەخۆیدا بێباوەڕیەکی ئاشکرا و ڕوونە و کەس ناتوانێت نکولی لێ بێکات، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەیەك کاتدا هەم (عەقیدە) و هەم ( شەریعەت) یشە، عەقیدەیە بەو مانایەی ئیسلام هاتووە بیروباوەڕ و عەقیدەی خەڵکی ڕاست بکاتەوە، ئەرکان و بنەماکانیان بۆ دابڕێژێت وچوار چێوەیەکی ڕوون وئاشکرایان بۆ دیاری بکات، لەباوەڕ بە خوای گەورە و فریشتەکان و کتێب و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و قەزا و قەدەر، لەگەل ڕوونکردنەوەی ئەرکانەنی ئیسلام لە چۆنیەتی شایەتومان و بەجێ هێنانی نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج، وتەوای پەرستنەکانی تر، بەو جۆرەش شەریعەتە واتە دەبێت ئیسلام ویاسا وڕێساکانی حوکم بکەن لەناو خەڵکیدا وەك خوای گەورە

فەرموویەتی : ﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [الجاثية : ١٨] واتا : ئەی موحەمەد ئێمە ئەتۆمان خستە سەر بەرنامە و شەریعەتێك لە ئایین، جا تۆیش شوێنی بکەوەو بە پوختی پەیڕەوی بکە، وە شوێن هەواو هەوەس و ئارەزووی ئەو نەزانانە مەکەوە .

وە فەرموویشیەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ [المائدة : ٤٤] واتا : ئەوەی حوکم و داوەری بەو بەرنامەیە نەکات کە خوا دایبەزاندووە، ئائەوانە بێ باوەڕن .

ئەوەیش عەلمانیەکانیش داوای دەکەن خۆی لەخۆیدا شەریعەتیکە غەیری شەریعەتەکەی خوای گەورە، خوای گەورەش فەرمانی پیکردووین ئێمەی باوەڕدار تەنها شوێن شەریعەتەکەی خۆی بکەوین، وەك فەرموویەتی : ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ وَلَوْلَا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ [

الشورى : ٢١] واتا : (ئایا ئەو بێباوەڕانە ڕازین بەبەرنامەی خوا)

یاخود شوێنی ئەو هاوەڵگەرانە دەکەون کە بەناوی دینەوە

بەرنامەیان بۆ داناون و پەیڕەوییان دەکەن بێ ئەوەی خوا

مۆڵەتی دابێت و پێی ڕازی بێت (حەرام و حەڵاڵیان بۆ دیاری

دەکەن) .

خوای گەورە جگە لە ئیسلام و بەرنامە وشەریعەتەکەی هیچ

بەرنامەیەکی تر لەخەڵکی وەرناگرێت، وەك فەرموویەتی : ﴿

وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [ ال عمران :

٨٥ ] واتا : ئەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی

تر بکات لێی وەرناگیرێت، لەقیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو

زەرەرمەندانە .

بۆیە ئێمە وەك موسڵمان لە لایەن خوای گەورەوە فەرمان

پێکراوە، تەنها شوێن ئیسلام بکەوین و جگە لە ئیسلامیش هیچ

ڕێچکە وڕێبازێك نەکەینە ئاین و شەریعەت لە ژیانماندا، چونکە خوای گەورە کە مرۆڤەکانی بەدیهێناوە هەر خۆیشی دەزانێت چی شەریعەت و ڕێسا و یاسایەك بەکەڵکیان دێت بۆ ژیانی دونیا و بەرێوەبردن وپەیوەندیەکانیان لەناوخۆیان و دەرەوەی خۆشیاندا، بۆیە ناکرێت ئێمە زادەی بیری کەسانێك کە مەحکومن بەو ژینگەیەی تییدا دەژین بکەین بە یاسا وڕێسای ژیانی خۆمان، بۆیە دە بینین ئەو وولاتانەی کە عەلمایەت تێدا باڵادەستە هەر ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر خەریکی هەموارکردنەوەی ئەو یاسا و ڕێنماییانەن کە خەڵکانی پێش خۆیان دایان ناون، چونکە بە کەڵکی ئەم سەردەمەی ئەمان نایەت، ئەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلامە کە بەردێژایی هەزار و سێ صەد ساڵ (١٣٠٠) حوکمی بەشێکی زۆری لە جیهان کرد بەبێ ئەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان یاسا و ڕێساکانی هەموار بکرێنەوە، ئەویش لەبەر ئەو نهێنیە بەهێزەی

کە لە شەریعەتەکە خۆیدا هەیە، چونکە ئیسلام لە لایەن خوای گەورەوە هاتووە، و دەستی مرۆڤەکانی تێکەڵاو نەبووە، ئەمەش مانای وانییە مرۆڤ وژیری مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە ئیسلامدا، نەخێر بەڵکو خوای گەورە لە ئیسلامدا کۆمەڵێك چوار چێوەی دەست نیشان کردووە لە بیروباوەر و شەریعەت کە نابێت ببەزێنرێت لە لایەن کەسەکانەوە، وە جێگای لێکۆڵینە و ئیجتهاد کردنن نین تێیاندا، کە بە (ثوابت) ئەحکامە جێگر و نەگۆڕەکان ناسراوون، لەبەرامبەردا پانتاییەکی فراوانیشی بەجێهێشتووە بۆ ئیجتهاد و لێکۆڵینەوەی زانا و داناکان کە ئەسپی خۆیانی تێدا تاو بدەن، بەڵام ئەوانیش دەبێت لە چوار چێوەی مەبەست و مەقاصیدەکانی شەریعەتدا بن و سنوور بەزێنی تێدا نەکرێت .

عەلمانیەت لەسەردەمی نوێدا کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاش شۆڕشی ئەوروپی لەو کاتەوە سەری هەڵدا و خەڵکی وەك

فریادڕەسی خۆیان تەماشایان کرد، کاتیك کەنیسە و دەسەلاتی کەنیسە بەناوی دینەوە هەرچی زولْم وستەم بوو لەخەڵکیان کرد، بەناوی دینەوە ماڵو سامانی خەڵکیان خوارد، بەناوی دینەوە زۆرێك لە زاناکانی لە سێدارەدا، باج و خەراجێکی زۆری لە خەڵکی وەردەگرت، بۆ چەند کەسانێکی دیار کراو لە کەنیسە، بۆیە پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەکی زۆر خەڵکی ئارامیان لێ هەڵگیرا و نەیانتوانی لەوە زیاتر ملکەچ بن، بۆیە شۆڕشێکی سەرتاسەریان دژی دەسەلاتی کەنیسە کرد، و دوا قەشە و پیاوانی کەنیسەیان لە سێدارەدا و بەیەکجاری دەسەڵاتیان لە ئاینی دەستکاری کراوی کەنیسە پاك کردەوە، ئێستاش کە کەسانیکی گەمژە و نەزانن لە کۆمەلگە ئیسلامیەکاندا داوای عەلمانیەت و جێ بەجی کردنی دەکەن دووچاری ڕەخنە و ڕوبەڕوبوونەوەکی توند بوونەتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو بیانوانەی کە

عەلمانیەتی ئەوروپای لەسەر بنیاتنراوە لە ئیسلامدا بەدیٚ ناکرێت، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی یەکخواپەرستی و عەدالەت و زانست و ڕێزی زانایانە، بۆیە هەموو هەولێك بۆ بە عەلمانیەت کردنی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان نەزۆك و بیٚ ئاکام دەبێت .

خوای گەورەش زاناترە .